سەرۆک کۆمار پێشوازی لە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکات

دکتۆر لەتیف جەمال رەشید سەرۆک کۆمار لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە"لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمە چوارشەممە بەرەوچو، چەندین تەوەر و دەسیەی پەیوەست بە دەنیابون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی بارگرانییەکانیان تاووتوە کرا"، لەوبارەیەوە سەرۆک کۆمار جەختیکردووە لە پەویستی بەدواداچون بە دەخی مرەیی و پاراستن و پاپشتی کۆمەڵایەتی بە هاووڵاتیان و دابینکردنی پەویستیەکان بەیان بە شەوەیەکی کاریگەرتر و گشتگیرتر. هەروەها سەرۆک کۆمار دوپاتیکردووە، پەویستە ئاسانکاری بکرێت بە رەککارەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی بە هەموو ئەو توژانەی لە یاسای دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان پێکراوە، سەرەڕای گرنگیدان بە چاودێریکردنی ئەو کەسانەی داهاتیان سنوردارە و کارکردن بە دەزینەوەی میکانیزمی بەهێز بە ڕەگریکردن لە کارکردنی منداڵان و ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی کاری قورس، هاوکات ستایشی ئەو هەوڵانشی وەزارەتی کرد لەپای گرنگیدان بە چینە کەمدەرامەتەکان. لە بەرامبەردا وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سوپاس و پەزانینی خۆی بە سەرۆک کۆمار دەربڕی لەپای ڕەنماییە بەنرخەکانی، رونکردنەوەیەکی کورتیشی لەبارەی ڕەوی گرنگی وەزارەت پەشکەش بە سەرۆک کۆمار کرد، کە بەپەی

پرەنسیپەکانی کاردەکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو چین و توێژانەی کەمەڵگە، کە دەکەونە ژێر بەرپرسیارەتی وەزارەتەوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پلان و ستراتیژ و دەنیابوون لە جێبەجێکردنی یاساکانی لە لایەک و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەسەڵاتە پێیوەندیدارەکان لەلایەکی دیکەوە.